# مەملەکەتی پیاوە گرگنەکان

## عومەرمحەمەد

سەیرە..! هەرچی دەیبینی هەر ڕەخنە دەگرێو لەم واقعە نارازییە، هەرچی دەیبنیودەیبیستی هەر لەدژی حکومەتە لەراستیدا حکومەتەکەش ئەوەندە بێتامی کردووە، نەك هەرموچەخۆرەکانی تەنانەت وەزیرو بەرێوەبەرەکانیشی هەرناڕازینو وەکو خەڵك پرتەو بۆڵەیان هەیە، من لەچەندین کۆبوونەوەو کۆنفرانسدا قسەم هەبووە، ڕەخنەم هەبووە، بەلاَم بەوە لەفڵتەفلتیان خستم کەچەند جارێك بینیومە لەوکونفرانسانەدا وەزیرو ئەندام پەرلەمانو بەرێوەبەرەگشتیەکان لەپێش منەوە هەستاونو لەمن زیاتر ڕەخنەی گرتووەو لەمن باشتر دەستدەخاتە سەربرینەکان، بۆیە منیش ناچاربووم فروقەپی لێبکەمو لەشوێنی خۆم کرِبم.

ماوەیەك لەم حاڵەدا توشی نامۆبوون بوومو خەریکبوو بەرەو بێئومیدبوونێکی ترسناك شۆڕببمەوە، هەتا ڕۆژێك لە هۆلی کتێبخانەی گشتی سلێمانی لەکۆبوونەوەیەکی " بزووتنەوەی هەتاکەی"دا یەکدوو ئەندام پەرلەمانوبەرپرسی حزبوحکومەت لەپێش منەوە بەقسەی زلو چارەسەری بچوکەوە.. بەچاکەتو پانتۆلی گرانبەهاو بۆینباخی کەشخەوە، هەستان قسەیانکردو ڕەخنەیان لەحکومەت گرت، ماڵی ئاوابێت برادەرێك کەبەداخەوە ناوەکەیم لەبیرنەماوە، بەلاَم دڵنیام لەشاری دەربەندیخانەوە هاتبوو، لێیان هاتە دەنگو ڕووی پرسیاری ئاراستەکردنو ووتی : ( کاك .. پەرلەمانتار ئەگەردەمت لەمن گەرمترە، ئەگەر ڕەخنەت لەمن زیاترە، خێرە ئیستقالە ناکەیتو هەرلەپەرلەمانی؟ ئینجا ووتی : من ڕەخنەم لەبێدەنگیو دەستەپاچەیی تۆیە ئەی تۆ ڕەخنەت لەکێیە؟ من تۆم بەلاوە گەندەڵە ئەی تۆ کێ بەگەندەڵ دەزانی؟)

من هەر ئەوکاتە ئەم وەلاَمەم هەبوو بۆ ئەو برایەی دەربەندیخان، بەلاَم پێمخۆش نەبوو رەخنەکەم وەکو داکۆکی لەئەندام پەرلەمانیك بکەوێتەوە بۆیە هیچم نەوت، ڕەخنەکەشم هەرئەوەندە بوو کە هەقوایە برای یان خوشکی پەرلەمانتاریش ئێمە بەگەندەڵ بزانێ ! ئەی کەئێمە گەندەڵ نەبین بۆچی ئەو دەسەلاَتە گەندەڵە هەڵدەبژێرین؟ مەگەر هەردەنگی "بێدەنگی ئێمە " نیە ئەو خەڵکە دەخاتە سەرکورسی دەسەلاَت؟ کە جگە لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆی هیچ بەرژەوەندیەك ناناسێ؟ مەگەر نازانین تەیری گول عاشق بەداری زەقنەبووتە؟! ئەگەر کۆمەڵگە گەندەڵ نەبێت تەمەنی دەسەلاَتی گەندەڵ نەك 15ساڵ 15ڕۆژ درێژەی دەبێت؟

ئێخۆ دەمێکە کورد وتوویەتی خەڵك یەك جار بەزستان دەڵێ سارد، ئێستا کە زانیمان حکومەت بەجدی نایەوێت ئاور لەژیانی خەڵك بداتەوە، ئەی خەڵك بۆ بەتەنگ خۆیەوە نیە؟! ئاخر هەر کۆشکەو بە ئاسماندا دەچێت، هەرگیز باوەرناکەم ژاپۆن بەقەد کوردستان مۆنیکاو سایەرەی گران بەهای تێدابێت، ئەی خێرە لەناو ئەو هەموو ڕەخنەگرەی حکومەت بریندارانی هەڵەبجە کەس ئاوریان لێنەداتەوە؟ مەگەردەوڵەمەندی کورد ئەوەندە غیرەتی لێسەندراوەتەوە ؟ نەك وەکو سواڵو سەدەقە بەڵکو بەشێوازێکی مۆدێرن بەشێوازێکی رێکخراوبوون بێگویدانە حکومەت ئاور لە کەسوکاری ئەنفالو خوێندکارەکانیان بداتەوە؟ جێگەی خۆیەتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەجدی بێنە پێشەوە و کاری جدیش بۆ ئەم مەبەستە بکەن، ئیتر هەوڵبدرێت دەوڵەمەندانی کورد بێننە سەر ئەو بڕوایەی کەمێك لەداهاتی خۆیان بخەنە خزمەتی ئەم دۆسێیانەوە، چونکە کاتێك بریندارێکی هەڵەبجەو پەککەوتوویەکی ئەنفالو خوێندکارێکی هەڵەبجەییەکانو ئەنفالکراوان لەبەرنەبوونی دەستبەرداری خوێندن دەبێ، شتێك نامێنێتەوە بەناوی کەرامەتی ئینسانیو دابونەریتی کوردەواریو سەروەریومافی مرۆڤ، بەڵکو ئەوە شەرمەزارییەکە هەمووومانی تیدا شەریکین. بێگومان کۆکردنەوەی پارە لەدەوڵەمەندان نەك سواڵو سەدەقەیك بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی تر دروستبنو کرێ ئۆفیسەکانیانی پێبدەن، بەڵکو لە پێناوی ئەوەی ژیان بۆئەوانە دابین بکرێت کە ژیانیان نیە، ئاخر ئەگەر کورە تاقانەیەکی ئەنفالو کچە تەنیا کەوتوویەکی هەڵەبجەو مێردمنداڵێکی بەجیماوی قوربانیەکی شەری ناوخۆ، لەبەرنەبوونیو دەست کورتی دەستبەرداری خوێندن بوو؟ تۆ ئۆفیست بۆچیە، قاوە خواردنەوەو ئاوی مەعدەنی ۆرکشۆپەکانت چ واتایەك دەبەخشن؟ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدنی ئەمەم لەگەڵ تۆیە، ئەگەر نیشتمان پڕبوو لەبێدەرەتانو نەدار کوا شتێك دەمێنێ بەناوی شەرەفی نیشتمانەوە؟ ئەم قسەیەشم بۆتۆیە ئەی سیاسەتمەدار..ئاخر کە وولاَتی بناروچیا پڕبوو لە قوربانی پارەی چی دەبەی بۆ عەرەبستانی سعودیو لەبیابان قوربانی چی دەکەی؟ ئەگەر وولاَت پربوو لەشەیتان بۆلێرە رەجمی ناکەی؟ ئەمەشم بۆتۆیە کاکی ئیماندار، بەلاَم بۆتۆش قسەیەکم هەیە ئەی هاولاَتی روتەڵە بادەست کورتیش بیت خۆ کۆمەکێکی تۆ هەرچەندە کەمیش بێت مرۆڤبونت دەسەلمێنت.